KURDISTAN NET کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-9-2007 23:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**قونبەلەکە لە بن مالیکی تەوقیت کراوە جا نازانین خۆی دەگریتەوە یان عیراق هەڵدەتەکێنێ بۆ کوردانیش دیار نیە پڕووشکە یان خێرە ... مەهدی کاوانی**

لە کوێوە دەست پێ بکەین لە هەر کوێوەکە بێت زۆر شت هەڵدەگرێ. لە خۆ کیشانەوەی تەوافق و مەرجە سەخت و بیانوێە نا واقیعیەکانیان، دیارە ئەگەر ڕازیان بکات مانای کوردو شیعەی لە پەرلەمان وە دەر دەنێ، ئەگەر وا ناکا حکومەت شەلەلی دەکەوێتێ. ئەمەریکاش هەر گارەگارو هاوار هاواریتی لە سەر مالیکی بەوەی لە سەر ئەرزی واقیع گۆڕانکاری بنەڕەتی ناکا لە مەڕ پەلە نەکردن لە تەواو کردنی یاسای نەوت و هەموار کردنی دەستوورو. پێداچوونەوە بە یاسای ڕیشەکێش کردنی بەعسیەکان. لە بنەوەش هێدی هێدی عەشایەری سوننە چەکدار دەکات و دەیان کاتە ملیشیات و بە کوڵ شیعانی وەدەنێ یانی ئاگرەکە خۆشتر دەکات. عەلاویش لە هەموو گۆزەکان ئەسکوە. بەس ڕووخانی حوکمی شیعی دینی پێوە بێت، جەعفەری بێت مالیکی ئێستا بێت هی تری ئایندە بێت ئەو لە حالەتی ئامادە باشیە، بیانوش ئەوەندە زۆرە کەس ناتوانێ پێی بڵێ بۆ وا دەکەی. ئەوەتا هەر دوا بە دوای خۆکێشانەوەی وەزیرەکانی تەوافق ئەوانیش هی خۆیان کێشایەوە. مالیکیش نازانین لە بەر زیرەکیتی لە ناچاریتی کە دێتە لای کوردان بۆ هەموو شتەکان دەڵێ باشەو دەشڵێ ئێوە لە پشتم نەبن سوننەکان لە خوایتیان. کێش ناڵێ هەمان قسە بە دیوە پێچەوانەکەی بە لایەنە سوننەو عیراقیەو ئەمەریکیەکانیش ناڵێ بەوەی ئەگەر ئێوە داخوازی کوردەکان لە کوڵ من بکەنەوە، شتەکانی تر هەر لە خۆیەوە جێ بە جێ دەبێ. کە دەچێتە ئێران بە کەیفی وان لێدوان دەداو بە تورکیاش دەڵێ بە سەر چاوان ئەوەی ئێوە بڵێن قبوڵمە ئەگەر دەسەلاتی کوردیش خۆی هەڵداتێ لەوانەیە بڵێ قسەیەو بەس.



خەلکی ئەمەریکاش ڕۆژنیە پێشوازی لە تەرمەکانیان نەکەن و لە ڕێگایەوە ئەوەندەی تر ڕق و قینەیان بە حکومەتی بۆش دەدرکێنن و دیموکراتەکانیش لە بۆسە دانە خوا خوای ئەوەیانە شکشتەکانی ئەمەریکا لە عیراق لە زیادبوون دابێ و تا لە ڕێگایەوە ئەوەندەی تر گەورەی بکەن و بەهۆیەوە بۆش لە کۆشکی سپی وەدەرنێن. بۆشیش هەر دەڕێ سەبر بگرن بارەکە بەرەو باشی دەڕواو ناو ناوەش تومەتەکانی بۆ ئێران و سوریا دووپات دەکاتەوە کە ئەوانن دالدەی تیرۆریستان دەکەن و بۆمان دەنێرن و کۆمەکیان دەکەن.

لە لایەکەوە جۆرج دەبلیوبۆش بەردەوامە لە سەر لێدوانەکۆنەکانی بە پاراستنی یەکیەتی خاکی عیراق لە لایەکی تریشەوە پرۆفیسۆرو ناوەندە لێکۆلەرەوەکانی ئەمەریکی پێچەوانەی ئەو ڕایەن.

ڕۆژنیە سیناتۆری ئەمەریکی جۆزیف بایدن لە سەر دابەش بوونی عیراق بۆ سێ پارچە قسەوباسی لێ نەکات. ئێستاکە دوو سیاسەتمەداری گەورەی ئەمەریکی هینری کسنجەرو ماردین ئۆلیبرایتیش چوونەتە پاڵ ڕاکانی بایدن. دیارە پرۆژەکەی پێشتری بیکەر – هاملتۆن کە فیدڕالیزمی پارێزگاکانیان پی دەگوت و کورد زۆر ڕقی لێ بوو، هی دیموکراتەکان بوو و ئەو دوو کەسایەتیە بەرزەش ڕۆڵی سەرەکیان تیا بینی، بەلام گۆڕەپانەکە شتێکی تری ویست و ئەوانیش هاتنە ڕایێ. چەندین ناوەندو سەنتەری لێکۆلینەوەش هاتوونەتە سەر هەمان ڕای ئەو سەناتۆرە.

هەڵبەتە هەرجۆرە لێدوانێکی لەو بابەتەی پرۆفیسۆرە ئەمەریکیەکان دەسەلاتدارانی تورک دەتۆقێنێ و ڕق و قینەی خۆیان بە پەکەکەو ئەزموونی کوردی باکورو تۆڵە سەندنەوە بە دەستێوەردانی سەربازی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شتی لەو بابەتانە دەیانەوێ بکەنەوە جارەک وکی قسە لە سەر پێداگرتنەکانی پرسی کورد دەکرێ لە سەر مادەی 140 و بڕیاری نەوت ئەوەندەی تر دەیانتۆقێنێ. بۆشیش نازانێ چی بکات کورسیەکەی خۆی بپارێزی، بەرەنگاری چەندان ببیتەوە. ئەگەر بە گێی سونەکانی ئیڕاقی و وڵاتانی عەرەبی وهاوسێکانی عیراق بە تایبەتی تورکیا بکا ئەوا خوازیاری ئەوەنە کە عیراق هیچ دەستی تێ نەدرێ. ئەگەر بە گوێی کوردو شیعەو ئێران و پرۆفیسۆرو سیاسەتمەدارانی ئەمەریکی بکات قسەو باسیان هەر هەمووی لە سەر هەڵوەشانەوەی عیراقە جا بۆ سێ پارچە چوار پارچە لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدڕاڵی، کۆنفیدڕاڵی، گرنگ ئەوەیە سەنتەر لاواز بێت و لۆکالەکان بەهێز بن.

شیعەکان گۆشیان دەوێ قاوشۆشیان دەوێ. کە ناتوانن لە گەڵ سوننان بکارێن دەوەرن لە گەڵ کوردەکان بە پێکەوەیی کار بکەن بەڵام پێکەوەبوونێکی ڕاستگۆیانە نەک کاری ژێراو ژێری لە گەڵ دابێ. کوردەکان بەڕاست و دروستی دەڵێن کی لە گەڵ داخوازیەکانمان بێ لە گەڵی بەڕی دەکەوین، ئەنگۆ، سوننە ئەمەریکی، ئیدی و ئیدیش و هیچ پیچاوپێچیان نیە چونکە ئەگەر مەبەستیشیان بێت پێیان ناکرێ، هەر ئەوەندەیان بۆ دەکرێ لە سەر خۆیان وەجواب بێن ئەویش بە تەواوەتی نا و لەبن سەد پەردەوە. بۆ شیعەکان دونیاش دەزانی وەکو ڕۆژێ ڕووناکی کە لە ناوچەکە لە کوردەکان بەو لاوە کەسی تریان بە تەواوەتی دۆست نیە. ئەگەر ئێرانیش بینە گۆڕێ کار بۆ ئەجندای خۆی دەکات. ئەوەندەی لێیان تێک دەدات ئەوەندە بۆیان چاک ناکات. چۆنچۆنی تورکەکان خەفەت و ڕق و قینە دایان دەگرێ کاتێ کێشەی کوردەکان دەچێتە پێشەوە، دوو ئەوەندەش هی ئەمەریکیەکانە لە گەڵ شیعەکان کاتێ نزیک بوونەوەیان لە ئێران دەبێت. بە مەزندەی خۆم سیستانی پیاوەکی دینی و خواییشەو تا زۆر ڕادە هەندە تێکەڵی سیاسیش نابێت، بەڵام لە هەموو دەسەڵاتدارانی شیعە بە تایبەتی سەدریەکان ئاقلترە. بە گوێرەی لیدوانەکانی لە گەڵ کاری خیرێیە و نە بە کارو کردەوەکانی سەدر ڕازیە نە حەزیشی لە ئاژاوەیە. ئەگەر بە گوێی وی بکەن هەندە خۆیان تێکەڵ کێشەی ئێران ناکەن. بەڕاستیش ئەگەر شیعەکان خۆیان لە کوردەکان نزیک کەنەوەو خۆشیان لە گەڵ ئێران وەدوور بگرن کاریان ڕاستر دەبێت و کێشەکەشیان زیاتر دەچێتە پێشەوەو دەشکەونە ناو بازنەی متمانە پێ کردنی ئەمەریکی. کە قونبەلەکە لە بن مالیکی یان شیعەکان دەتەقێتەوەو کەس ناتوانێ پێشبینی دەرئەنجامەکانی بکات بەوەی ئایا لە ڕێگای نەتەوە یەک گرتووەکان ڕۆلی زیاتر دەدەنە وڵاتانی دراوسێ، ئەگەر وابێ ئەوا قونبەلەکە بە سەر شیعان دەتەقێتەوە و پڕۆشکیش بەر کوردان دەکەوێ. سوچەکەش هەر هەمووی شیعەکان خۆیانە ئەوانن دەبنە سەبەب کە قونبەلەکە لە بن خۆیان بتەقێتەوە. ئەگەر بە گوێی سیستانیان بکردبایەماڵی خۆیان بە قوربانی جیرانان نەکردبایە باشتریان بۆ دەهات و قونبەلەکەش لە بنیان نەدەتەقیەوە. من حەز دەکەم شیعەکان خراپیان بۆ نەێت چونکە خەباتی هاوبەشی ڕاست و دروستیان لە گەڵ کوردان هەبوو لە دژی سەدام و وەک کورد ئاساش زوڵمەکی زۆری بەعسیەکانیان پێ کەوتیە بەڵام مادامەکینێ هەر دەتەقێتەوە باشترە عیراق هەڵتەکێنێ. بەلکو وەک دەڵێن لە پاش هەموو ناخۆشیەک خۆشیەکی بە دواوە دێت. گۆمیش تا پڕ نەبێت لە سەری نارژێت.

2007/08/15/ بەریتانیا/
mahdikawani@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.